گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی لە بواری یاسادا

**د. حبیب مصطفی ابراهیم**
بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.
habeeb.ibrahim@soran.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٤/٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٦/١١
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Legal anthropology, law, field research, social systems, cultural systems.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.10

## پوختە

ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی زانستەکی نوێیە و مێژوویەکەی دەگەرێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم. ئەم زانستە فرەپسپۆرییە، چونکە لە هەر دوو ڕوانگەی یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیاوە لێکۆلینەوە دەکات لە بارەی یاساکان و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگادا؛ بۆ ئەم مەبەستەش ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی گرنگی دەدات بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە کۆمەڵگادا لەبەر ئەوەی لە دیدگای ئەم زانستەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری و یاسایی لە ژێر کاریگەری یەکتردان. ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی ڕۆڵی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی لە بواری یاسادا دەستنیشان بکات و، ڕۆڵی لە دارشتنی یاسادا روون بکاتەوە. میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە میتۆدی شیکاری کە بۆ دیارخستنی ڕۆڵی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی لە بواری یاسادا گونجاوترین میتۆد دەبینرێت. پاش لێکدانەوەیەکی تیۆری گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە لەبەر ئەوەی یاسا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- کولتوورییە، ناکرێت تەنها لە ڕوانگەی یاساناسان سەیری بکرێت، بەڵکو پێویستە گرنگی بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و کولتووریش بدرێت تاکو یاساکان ڕەنگدانەوەی واقێعی کۆمەڵگا بن، بۆ ئەم ئامانجەش لێکۆڵینەوەی مەیدانی یەکێکە لە گرنگترین کاری توێژەران لە زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای یاساییدا. لێکۆلینەوە لە بارەی هەر دوو کۆمەڵگای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەریتی و مودێرن کاری ئەم زانستەیە، بۆیەش یەکێک لە ئەرکە دیارەکانی توێژەران بریتییە لە راڤەکردنی دیاردەی قەبوڵکردنی کولتووری یاسایی و دیاردەی فرەیاسایی لە ناو کۆمەڵگادا.

## ١.پێشەکی:

بواری زانستی یاسا بەرفراوانە لە بەر ئەوەی پەیوەندی بە هەموو کایەکانی ژیانەوە هەیە ئەمەش لە پێناو رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان جا چ لە سەر ئاستی تاکەکەسی یان خانەوادەیی یان نێوخۆیی وڵات یان نێودەولەتی بێت. سیستەمی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە نێو کۆمەڵگادا لە گەڵ یاساکان لە ژێر کارێگەری یەکترن. زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی کە پسپۆرییەکی نۆییە و مێژوویەکەی دەگەرێتەوە بۆسەردەمی هاوچەرخ لە نیوەی دووەمی سەدەی نوزدەهەم، و سەرەتا لە لایەن وڵاتانی رۆژئاوا بایەخی پێدراوە بە تایبەت یاساناسان لە بەریتانیا، ئەلمانیا و فەرەنسا. ئەم زانستە کە هەر لە ناوەکەی دیارە فرەپسپۆرییە (Interdisciplinaire) و توێژینەوەکانی هەر دوو روانگەی یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیا دەگرێتەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە هۆکارەکانی دروستبوونی یاساکان و رۆڵیان لە کۆمەڵگادا بە تایبەت لە بارەی ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە بارۆدۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری.

ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی هەوڵ دەدات کە کاریگەریی سیستەمی کۆمەڵایەتی و کولتووری شرۆڤە بکات لە سەر یاساکان و لە دەرئەنجامەکانی تێبگات، ئەمەش بە ئامانجی رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگایەکدا؛ بە دیاریکراوی لە پێناو زانینی ئاستی سەرکەوتوویی یاساکان لە گەیشتن بەو ئامانجەی کە ئاماژەمان پێکرد. رەوشی پیکهاتەکان و مافی کولتوورییان نمونەیەکە لەو بابەتانەی کە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای یاساییە ، هەروەها بابەتی بەشداری ئەندامانی کۆمەڵگا لە بەرێوەبردنی وڵاتەکدا نمونەیەکی ترە لەو باسانەی کە جێگای بایەخە لە لایەن زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی.

ئەنترۆپۆلۆژیایی یاسایی گرنگی دەدات بە هەموو ئەو هۆکارانەی کە رۆڵییان هەیە لە پرۆسەی دروستبوونی یاساکان، هەروەها توێژینەوە دەکات لە بارەی جیهانبینی و دیدگای سیستەمەکانی یاسا؛ بۆ نمونە ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی هەڵدەستیت بە لێکۆڵین لە بارەی مافەکانی مرۆڤ و

کولتووری کۆمەڵگاکان لە ژێر ڕۆشنایی ئامادەگیی کۆمەڵگاکان بۆ پەسەند کردنی و جێبەجێکردنی بەندەکانی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ؛ دەکرێت ئاماژە بە نموونەی تر بدەین ئەویش دیاردەی گواستنەوەی سیستەمەکانی یاساییە لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر؛ و ئەم پرسیارە دەوروژێنێت: بۆچی گواستنەوەی سیستەمی یاسایی لە هەندی وڵات لە ڕوویی کولتوورییەوە پەسەندکراوە بەڵام لە هەندی وڵات پەسەند ناکرێت ؟

### ١.١ - گرنگی توێژینەوە

زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی، بە پێی توێژەران پسپوریەکی نۆییە لە بواری یاسادا؛ و لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئەم پسپۆرییە هێشتا نەناسراوە بۆیەش لە زانکۆکان ناخوێندرێت. ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی دەست بکرێت بە بایەخدان بەم پسپۆرییە لە پێناو سود وەرگرتن لێی لە بواری یاسادا، بە تایبەت لە لایەن پسپۆرانی یاسا. ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هاوکارە بۆ تێگەیشتن لە پێویستی ئەم پسپۆرییە کاتێ بیر بکەینەوە لەوەی ئایا تا چ رادەیەک یاساکان لە نیو کۆمەڵگادا کاریگەرییان هەیە. هەروەها گرنگە کە لە رێگای ئەم پسپۆرییە بایەخ بدرێت بەو بەها سەرەکییانەی کە نێو کۆمەڵگادا ڕێزلێگیراون و کاریگەرییان هەیە بۆ پەسەندکرنی یاساکان ئەمەش دهێتە دی بە خوێندنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە ژێر رۆشنایی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و مێژوویی.

### ١.٢- ئامانجەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە دەیەوێت کار بکات بۆ ناساندنی ڕۆڵی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسا لە بواری یاسادا؛ ئەنترۆپۆلۆژیا کە وەک زانستی مرۆڤناسی لە نێو کۆمەڵگادا سەیر دەکرێت و یاسا بۆ رێکخستنی ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا. کەواتە ئامانج ئەوەیە کە پێگەی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی روون بکەینەوە کە هاوکارە لە باشتر تێگەیشتن لە خۆدی یاسا و لە ئەرکی شارەزایانی یاسا لە پرۆسەی دانانی یاساکان. هەروەها ئەم پسپۆرییە هانمان دەدات کە لە پێناو هەبوونی یاساکان پێویستە زانیاریمان هەبیت لە بارەی ناورۆکی کۆمەڵگا لە رووی سیستەمی کۆمەڵایەتی

و کولتووری  لە کاتی پەسەندکردنی یاساکان؛ بۆیەش یەکێک لە پێوەرەکانی پسپۆری ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی بریتییە لە کاری مەیدانی.

**١.٣- پرسیاری توێژینەوە**

هەموو کۆمەڵگاکان بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانیان پێویستیان بە یاسا هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی یاسا بە شێوەی یەکسان یا خۆد وەک یەک نییە  لە ناو کۆمەڵگا جیاوازەکانی جیهاندا؛ لە هەندێ وڵاتدا، هەوڵ دەدرێت کە ئەرکی یاسا بە شێوەی سەرەکی پارێزگاریکردن بیت لە بەهاکانی کۆمەڵگا، بەڵام لە هەندێ وڵاتدا ئەم ئەرکەی یاسا وەک کاری سەرەکی نابینرێت. جا بە تێبینی کردن لە رۆڵی یاسا لە نێو کۆمەڵگادا، ئەوا دەمانەوێت بزانین : ڕۆڵ وئەرکی ئەنترۆپۆلۆژیای  یاسایی  چییە لە بواری یاسادا؟

**١.٤- میتۆدی توێژینەوە**

ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە میتۆدی شیکاری، و روونکردنەوەی پێویست دەدات  لە بارەی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی و گرنگی ڕۆڵی لە بواری یاسا.

**١.٥- پێکهاتەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەم  پێشەکییەکی پەیوەست بە بابەتەکە باسکراوە. بەشی دووەم تەرخان کراوە وەک دەروازەیەک بە مەبەستی ناساندنی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی وەک زانستەکی نۆی. بەشی سێیەم باسی رۆلی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی دەکات لە بواری یاسادا. هەروەها بەشی چوارەم کە دەرئەنجامی توێژینەوە لە خۆ دەگرێت.

## ٢.دەروازەیەک بۆ ناساندنی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسا

### ٢.١- زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی

مرۆڤناسی یان ئەنترۆپۆلۆژیا (Anthropology) چەمکەکی یونانییە کە لە دوو وشەی (Anthropos) واتە مرۆڤ و (Logos) واتە ناسین پێکدهێت، و بۆ یەکەم جار لە لایەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەیلەسوفی بەناوبانگ ئەرەستو ئەم چەمکە بە کارهاتووە. مرۆڤناسی زانستێکە کە توێژینەوە دەکات سەبارەت بە ناسینی سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی، و کۆمەڵگا جیاوازەکانی مرۆڤایەتی. بۆیەش ئەم زانستە بە مەبەستی باشتر تێگەیشتن لە مرۆڤ زۆر لق لە خۆی دەگریتەوە وەک : ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری (شێوازی ژیان)، ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی (سستێم)، ئەنترۆپۆلۆژیای دەروونی(کەسایەتی)، ئەنترۆپۆلۆژیای جەستەیی، هەروەها لێکۆڵین لە هەندی بابەتی زماناسی (فربد،٢٠٠: ١-٣). ئەم زانستە بە پلەی یەکەم، پراکتیکییە(مەیدانی)، بۆیە داتا و زانیارییەکانی ڕاست، زیندوو و هەنووکەیین، ڕاستەوخۆ لە ڕەوشی ئێستاکەی نموونەی توێژینەوەکەوە ( نەتەوە، کۆمەڵگا، گرووپ، شار، گوند، گەرەک...) بەدەستهاتوون. بۆیەش،مرۆڤناس( Anthropologist) ڕەنگە زیاتر لە پسپۆرانی زانستەکانی تر ئاگادار و چاودێری پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی-کولتووری و میکانیزمەکانی بێت، چونکە زێدەڕۆیی نابێ ئەگەر بڵێین پرۆسەکە لە بەر چاوانی ڕوودەدا کە ئەمەش گرنگی هەمەلایەنی هەیە- وەکو چۆن بۆ زانست، ئاواش بۆ ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە (میران،٢٠٢١: ١١). لە بارەی ئامانجی ئەنترۆپۆلۆژیا پێویستە ئاماژە بدەین بە بۆچوونی گەورە بیرمەندی فەرەنسی لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیا Claude Lévi-Strauss (Cité par Le Roy, 1978: 73 ) کە دەنووسیت ": ئامانج لە ئەنترۆپۆلۆژیا بریتییە لە زانینەکی گشتگیر لە بارەی مرۆڤ، بابەتەکەی هەموو رووبەری بەرفراوانی مێژوویی و جوگرافیایی دەگریتەوە بە مەبەستی ناسینی گشت گەشەسەندنەکانی مرۆڤایەتی، جا لە م ڕێرەوەدا [لێکۆڵینەوەکانی] هەموو دەرئەنجامەکانی ئەرینی و نەرینی لە خۆ دەگریت، ئەمەش بۆ هەموو کۆمەڵگاکان ڕەوایە، جا گەورە شاری مودیرن بیت یان بچوکترین هۆزی مێلانێزییەکان [لە دورگەکانی باکوور و رۆژهەڵاتی ئوستراليا]".

دوای زانینی مانا و ئامانجی ئەنترۆپۆلۆژیا، پێویستە ئاماژە بە ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی بدەین کە پسپۆرییەکی نۆییە و بەستراوە بە زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا و زانستی یاسا. ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی دەچیتە نێو خانەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، لێرەدا بە هەمان شێوەی ئەنترۆپۆلۆگیای کۆمەڵایەتی، گرنگیدان بە رێساکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان ئامانجی ئەنترۆپۆلۆگیای یاساییە، بەڵام لە روانگەیەکی یاسایی بە لە بەر چاوگرتنی یاسا وەک کایەکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەربەخۆ و تەنها وەک یەکێک لە توخمەکانی پێکهێنەری سیستەمەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی تایبەت بە هەر کۆمەڵگایەک ( Rouland,1988:10).

جا ئەگەر ئەنترۆپۆلۆژیا پسپۆرییەکە، توێژینەوە لە بارەی مرۆڤ دەکات بە قولبوونەوەی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەی؛ ئەوا ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی بە مانای بەرفراوانەکەی هەڵدەستیت بە شیکار کردنی بنەما و تایبەتمەندییەکانی ئەو یاسایانەی کە لە لایەن مرۆڤ دانراون، هەروەها دیاردەکانی یاسایی لە نێو کۆمەڵگادا بە خوێندنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیستەمی کولتووری کۆمەڵگایەکە.

پیویستە ئاماژە بدرێت کە ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی، زانستەکی فرە پسپۆرییە کە لە فەرەنسا بەم جۆرە زانستانە دەوترێت (Interdisciplinaire)؛ دەستەواژەی فرەپسپۆری ئاماژەیە بۆ هەبوونی چەندین بواری زانستی کە هەول دەدات لێکۆلین بکات لە بوارێک لە چەندین دیدگا بۆ نمونە لە ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسا کاتێ توێژینەوە دەکرێت لە بارەی دیاردەیەکی یاسایی ئەوا لە دیدگاکانی یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیا هەول دەدرێت شرۆڤەی بابەتەکە بکرێت.

بە وردی دەکرێت بگووترێت کە ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی توێژینەوە دەکات لە بارەی مرۆڤ وەک تاکەکی پێکهێنەری کۆمەڵگا نەک تاکەکی جیا یان سەربەخۆ. لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستە لە بارەی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەندامێیتی گرۆپەکی کۆمەڵایەتی دەبیت(Barraud,2016:3). توێژینەوەکان سەبارەت بە چۆنیەتی رێکخستنی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لە نێو ئەم گرۆپە کۆمەڵایەتییە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا ئەنجام دەدرێت وەک ئایین، بازرگانی، خزمایەتی، هاوسەرگیری و... . هەروەک)( L.Assier-Andrieu,2003:317 پسپۆر لە ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی دەنووسیت کە داخوازی ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی بواری یاسا بریتییە لە تێگەیشتن و پێشاندانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ناساندنی لە گوشە نیگای یاسایی. پێویستە بگووترێت کە ئەنترۆپۆلۆژیستەکان لە نێو یاساکاندا روبەرەکی بەرفراوان دەبینن کە گوزارەشت لە دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و کولتووری دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢.٢- بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی

ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی هەروەک ئاماژە پێدرا لێکۆڵینەوەکانی مەیدانییە واتە توێژەر پێویستە ئامادەگی هەبیت لەو کۆمەڵگایە کە توێژینەوە لە بارەی دەکات؛ ئەمەش لە پێناو باشتر تێگەیشتن لەو رێسایانەی کە کۆمەڵگای رێکخستووە و بێگومان دەبێ لێکۆڵینەوەکە لە روانگەی یاساوە بیت.

دەستپێکی لێکۆڵینەوەکان لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی وەک زانستەکی نۆی دەگەرێتەوە بۆ بەرهەمی دوو پسپۆر لە بواری مێژووی یاسا و شارەزا لە بواری یاسای روما. ئەم دو پسپۆرە لە نیوەی دووەم لە سەدەی نۆزدەهەم لە بەریتانیا، هەستاون بە نووسینی دوو توێژینەوە بە ناونیشانەکانی :

Das Mutterrechet لە لایەن J.J.Bachofen نووسراوە ،

و Ancient Law کە بەرهەمی H.Summer-Maine بووە ( Rouland,1988:40 ).

کەواتە پێویستە بگووترێت کە دەستپێکی لێکۆڵینەوەکانی ئەنترۆپۆلۆژیایی یاسایی لە لایەن پسپۆران لە بواری مێژووی یاسا نووسراون. هەر چەند کە ئەم بەرهەمانە بە دەستپێک دادەنرێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە سەردەمەکی زوو پیش ئەم بەرهەمانە ، و پێش دەرکەوتنی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا، یاساناسان هەوڵییان داوە کە لێکۆڵین بکەن لە بارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگاکاندا لە سەردەمی تازەگەریدا لە ئەوروپا. "ئەمەش ئەو کاتە بۆمان دەردەکەویت کاتی توێژینەوە سەبارەت بەو نووسین و لێکۆڵینانەی ئەنجام دراون لە سەردەمی تازەگەری(رێنسانس) کە بابەتەکانیان رەنگدانەوی ئەنترۆپۆلۆژیایە و بە پێویست دەزانرێت کە دوبارە خوێندنەوە بۆیان بکرێت. لە بەر ئەوەی، ڕاگۆرینەوەکان و نووسینەکان لە بارەی بیرکردنەوە سەبارەت بە مرۆڤ و فرەچەشنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەدەی شانزدەیەمدا وەکو پێویست بایەخی پێنەدراون تەنانەت لە سەردەمی ئێستادا بە تایبەت لە بارەی بەرهەمی یاساناسان لە سەردەمی تازەگەری (رێنسانس). ئەمەش لە کاتێکدایە کە توێژینەوە لە بارەی لێکۆڵینەوەکانی یاساناسان لەو سەردەمەدا بە تایبەت بابەتی پەیوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و یاسا لە سەردەمی رێنسانس بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگی خۆی هەیە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستە کاری لە سەر بکرێت لە بەر ئەوەی زۆربەی بەرهەمە چاپکراوەکانی رەسەنی سەردەمی رێنسانس لە بارەی مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگەرێنەوە بۆ توێژەران لە بواری یاسادا"(Lombart ,2015:180).

لێرەدا توێژەر تێبینی ئەوە دەکات کە بە سەرنجدان بە نووسینەکانی ئەم نووسەرانەی یاساناس ئەوە روون دەبێتەوە کە بەرهەمە فراوانەکانیان تەنها لە بواری یاسا نەبوون بەڵکو لە ژێر کاریگەری بارودۆخی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە سەردەمی رێنێسانس هەروەها گورانکارییەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی ئەو سەردەمە هەستاون بە تیشک خستنە سەر مێژوو و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤایەتی بە وردبینیەوە کە داخوازی ئەوروپا بووە لە چەرخی پەڵهاوێشتن بۆ بەشەکانی تری جیهان. بۆیەش بە تێبینی کردن لەم بەرهەمانە دەبینین کە باسی ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکانی بایەخی پێدراوە؛ بە شیوەیەک کە ئەم یاساناسانە بە قوولی باسیان لە بابەتی کۆمەڵایەتی وکولتووری کردووە؛ کە دوو بابەتی گرنگن لە بواری ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی. هەروەها بنەماکانی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لە بارەی ژیان و رەنگدانەوەی جیهانبینی مرۆڤەکان لە ژیانی رۆژانەدا و ئایین و چیروک و سیاسەت ئەوا بابەتی گرنگی ئەم یاساناسانە بوونە لە سەردەمی تازەگەریدا.

لە راستیدا ئەو بەرهەمانەی کە لە لایەن یاساناسان نووسراون، بابەتەکانیان زۆر فرەچەشنن، بریتین لە پەیماننامەکان بە هەموو جۆرەکانی و چیروک بە هەموو جۆرەکانی وەک سیاسی، مێژوویی و خەیالی، و بابەتی شانۆنامەکان، تەنانەت هۆنراوە. زۆربەی جار یاساناسان هەموو ئەم بابەتانە بە شێوازی لێکچواندن و بەراوردکاری نووسراون لە رووی مێژوویی بێت یان جوگرافیایی؛ ئەمەش رەنگدانەوەیەکی پڕ بەهای هەبووە لە پەیوەندی لە گەڵ زانستی ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی. ئەم یاساناسانە لە سەردەمی رینێسانس نووسینەکانی خۆیان سنوردار نەکردووە تەنها لە بارەی یاساکانی بێگانە یان سیستەمەکانیان؛ بەڵکو بایەخی حەز و ئارەزوی ئەم نووسەرانە بۆ بابەتی چونییەتی ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان کە بابەتەکی ئەنترۆپۆڵۆژیاییە؛ بە شێوەیەکی گرنگ و بەرچاو دیار دەکەویت کاتێ هاوکاریمان دەکات لە بیرکردنەوە لە بارەی بانگەشەی ئەورووپییەکان لە دەست بە سەراگرتنی بەشەکانی تری جیهان. هەمدیسان بەشداری

ئەم بەرهەمانە لە بابەتی بەراوردکاری نیوان ئەوروپییەکان و نەتەوەکانی تر بە تایبەت لە تەوەرەکانی جیهانبینی و مێژوو و یاسا کە بابەتی سەرەکی ئەم نووسەرانە بوون (Lombart ,2015:182).

دەکرێت باس لە ئەمە بکرێت کە توێژینەوەکانی یاساناسان لە سەردەمی تازەگەریدا دەرئەنجامی بەرچاوی هەبووە لە گەشەسەندنی بواری کولتووری ئازادی لە بیروڕا لە ئەوروپا، و ناسینی شێوازی ژیانی مرۆڤەکان لە شارستانیەتی کۆن و لە هەمووی گرنگتر هزری پێکەوە ژیانی ئایینەکان و نەتەوە جیاوازەکان کە بە یەکێک لە پڕبایەخترین بەهای کولتووری و کۆمەڵایەتی دادەنرێن. هەروەها لە هەمان کاتدا ئەم توێژینەوانە سەبارەت بە کولتوورەکان هۆکار بوونە لە ناسینی یاساکانی پەیرەوکراو لە کۆمەڵگاکانی کۆن و ئینجا شرۆڤەکردنی ئەم یاسایانە لە سەر بنەمای کولتووری و کۆمەڵایەتی. لە راستیدا لێکۆلینەکانی یاساناسان لە سەردەمی تازەگەریدا دەستپێکی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا بووە، و زیاتر لە ئەمەش وەک بەرهەمی بواری مێژووی یاسا دەبینرێت.

بۆیەش هەر لە پێش دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکا لە سەدەی شانزدەیەم کە بە دۆزینەوەی گەورە لە ئەوروپا ناسراوە، ئەوا یاساناسان لە سەردەمی تازەگەریدا هەستیان بە هەبوونی جیهانەکی جیاواز کردووە. ئەمەش لە رێگای خویندنەوەی بەرهەمەکانی کلاسیک هاتەکایەوە کاتی باس لە فرەچەشنی کۆمەڵگای شارستانییەتی کۆن کراوە. ئەم کارەیان بوویە هۆکار بۆ دەرکەوتنی هزری پەسەندکردنی بیرورای جیاواز. ئەو بەرهەمانەی کە یاساناسان لێکۆلینیان لە بارەیان کردووە پێکدهاتن لەو کتێبانەی سەبارەت بە خواکانی سەردەمی کۆن نووسراون کە لە سەدەی شانزدەیەم زۆر توێژینەوە لەم بارەیەوە کراوە. ئینجا بابەتی سەردەمی رۆمای کۆن و تایبەتمەندی ئەو سەردەمە بە تایبەت فرەرەنگی پێکهاتەی کۆمەڵگایەکە وەک تایبەتمەندی خەڵکانی ژێرمن ، ئاشوری و کارتاژییەکان. لەم نێوەندەدا ڕەچەلەکناسان هەستاون بە توێژینەوە لە بارەی کولتووری ئەم کۆمەڵگایە فرەچەشنە، ئەم کارەیان نەک تەنها پەیوەست بوویە بە ڕێورەسمە ئایینییەکان کە زۆر لێک جیاواز بوون، بەڵکو ئەم فرەچەشنیە لە پێکهاتەکان پاڵنەر بووە بۆ شیکارکردنی سروشتی مرۆڤ. جا سەرنج دان بەم ڕێورەسمە ئایینییانە کە لە سەر

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەمای رێساکانی یاسایی رێکخرابوون، سەڵمینەری هەبوونی پروسەیەکی یاسایی بووە لە نێو رێورەسمەکاندا. یاساناسان یەکەم کەس بوون کە ئاماژەیان بە چەمکی ئەنترۆپۆلۆژیا داوە لە سەردەمی تازەگەریدا؛ ئەمەش لە لایەن یاساناسی فەرەنسی (Jean Bouchet) بووە کە لە سەدەی پانزدەیەم ژیاوە. توێژینەوەکانی پڕ بەرهەمی یاساناسان لە بارەی شارستانییتەکان گەواهیدەر بوون و نەخش و سونبولەکان لە شوینەوارەکانی کۆن هەوینی کاری توێژینەوەکانی یاساناسان بوون. ئەم سونبول و نەخشی رێورەسمەکان پاڵنەر بوون بۆ دەرکەوتنی میتودی ڕاڤەکردنی ژیان لە کۆمەڵگای کۆن، جا ئەم راڤەکردنە سێ تەوەرە لە خۆ دەگرتەوە: ئەنترۆپۆلۆژیا، رەوشت و هونەر. نمونەی یەکێک لەم کارانە نەخشینە نیگارەکانی (Dextraum Juncito) لە ئیمپراتوریەتی رۆما بوو کە باس لە ریورەسمی هاوسەرگیری دەکات لە رۆمای کۆن ( Cazals et Houllemare,2019:4).

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بدرێت کە لە سەردەمی نوێدا،مەیدانی کاری ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی بە پێی بوچوونی ( Boris Barraud) بریتیە " لەو کۆمەڵگایانەی کە بە شێوەی نەریتی بەرێوەدەچن، هەروەها کۆمەڵگا کۆنەکان، و کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکان. لەم کۆمەڵگایانە ، تێگەیشتنیان بۆ دیاردەی "یاسا" جیاواز و دورە لەو رێسا و دەزگایانەی [پەیوەندیدارە بە یاسا] کە دەسەڵاتی دەولەت سنوردار دەکەن؛ و لە نێو ئەم کۆمەڵگایانە یاسا گوزارشتە بۆ جۆرەک لە ئاشتی، لێکتێگەیشتن و راگرتنی هاوسەنگی لە نێو کۆمەڵگادا ئەمەش لە دەرئەنجامی ئاشتکردنەوە یان رێککەوتن دهێتە دی"
( Barraud,2016:6).

هەروەها ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی کار دەکات بۆ پێشاندان و راڤەکردنی دیاردەیی قەبولکردنی کولتووری یاسایی ( acculturation juridique)؛ ئەم دیارەدەیە دەکرێت خۆویستانە بیت یان بە شێوەی ناچاری، بە تایبەت لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم؛ لە دەرئەنجامی مڵکەچی بەشەک لە تاکەکانی کۆمەڵگا هاوکات بۆ چەندین سیستەمی یاسایی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگادا، روونتر بڵێین چەندین کولتووری یاسایی( Alliot, 1968:1180).

پسپۆرانی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسا پێیان وایە کە بواری یاسا چالاکە و بزێوە، نەک بێ جولە و گۆڕان، و پێویستە ئەم بوارە تایبەتمەندی کولتووری خۆی پێشان بدات لە رووی پەیوەندیداری و بەراوردکاری بە رەهەندەکانی تری کولتووری مرۆڤایەتی؛ هەروەها خۆی رزگار بکات لە بەربەستی ئەزمونگەرایی(Positivisme). ئەنترۆپۆلۆگیستەکان ئاماژە بەوەش دەدن کە پرسی یاسایی بوونی بارودۆخی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە هەمان ئەندازەی بارودۆخی خۆدی مرۆڤایەتی گشتگیرە. جا بۆیەش هەر لەو کاتەی مرۆڤ بوونی هەیە ئەوا یاسا بوونی هەیە؛ جا (سیستەمەکانی) یاسا دەبێ جۆوارجۆر و جیاواز بن، هەروەک جۆراجۆری خۆدی مرۆڤ. پێویستە ئاماژە بدەین کە بابەتی لێکۆلینەوە و گریمانەکانی هەرە بنەرەتی لە ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی؛ بەرەو ئەوەمان دەبات کە ئەم زانستە خۆی تەرخان کردووە بۆ دیاردەی تەواو فرە یاسای (pluralisme Juridique) لە کۆمەڵگادا (Barraud,2016:8 ) .

لێرەدا پێویستە تێبینی بە گرنگی پەیوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیای یاسا و مێژووی یاسا بکەین، چونکە زۆربەی ئەو پسپۆرانەی کە لە بارەی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسا لێکۆلین دەکەن لە پێشدا توێژەر بوونە لە زانستی مێژووی یاسا لە بەر ئەوەی کە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی مێژووی یاسا لێکۆلینەوە لە بارەی مێژووی رێرەوی سیستەمی یاساکان بووە. بۆیەش کارێکی نۆی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی بریتی دەبێت لە بەرفراوان کردنی دیدگاکانی لێکۆلینەوە لە مێژووی یاسا بە هۆی بابەت و مێتودی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی.

## ٣. کار و روانگەی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی

### ١.٣- ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی و یاسا

پیش هەموو شتێک پێویستە لێرەدا تیشک بخەینە سەر روانگەی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی لە بارەی خۆدی یاسا، ئەمەش بەم شێوەیەیە کە : یاسا، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-کولتوورییە و گۆڕانکاری بە سەردا دهێت بە هۆکاری جیاوازی وەک: مێژوویی، سیاسی و ئابووری. یاسا دیاردەییەکە کە لە سەرەدم و شۆینەک(جوگرافیا) دروست دەبێت و لەم دروست بوونەدا فاکتەر و ئەکتەرەکانی جیاواز [تاک ، گرۆپی کۆمەڵایەتی] رۆڵییان هەیە کە لە ئاکامدا باس لە چەندین جۆر[سیستەمی] یاسا دێتە کایەوە (فربد،٢٠٠: ٦). دەکرێت لە گوشە نیگای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگیدان بە بەها کۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە باس لە ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی بکەین کە پسپۆرییەکە دەیەوێت لە بارەی یاساکان توێژینەوە بکات لە رێگای شیکار کردنی روانگەکان جا زارەکی یان نووسراو بن یان کردارەکان، یان بۆچوون و کاریگەرییەکان سەبارەت بە یاساکان بۆ ئاشنابوون لە بارەی چۆنیەتی پرۆسەی یاسادانان و دادوەریی تایبەت بە هەر کۆمەڵگایەک ئەمەش بە ئامانجی زانینی لۆژیکی دەسەڵات لە نێو کۆمەڵگادا (Rouland, 1988, :14). جا بە پێچەوانەی ئەتنۆگراف* و ئەتنۆلۆگەکان*؛ ئەوا ئەنترۆپۆلۆگەکان، لێکۆڵینەوەکانییان لە بارەی هەر دوو جۆری کۆمەڵگای نەریتی و مودێرن دەچێتە نێو چوارچێوەی کارەکانیان. هەروەها زیاتر لە ئەمەش، توێژینەوە ئەنجام دەدن لە بارەی دیاردەی نۆی لە کۆمەڵگای سەردەم وەک گەشەسەندنی ناوچەکان،و بارودۆخی مرۆیی لە دروستکردنی شارەکان، پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و بابەتی هاوڵاتی بوون. ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی هەوڵ دەدات بە قوولی توێژینەوە بکات لە بارەی کولتوور لە کۆمەڵگادا. لەم زانستەدا گرنگی دەدرێت بە بارودۆخ و پێشهاتەکانی نێو کۆمەڵگادا کە هۆکاری دروستبوونی یاساکانن، و لێکۆلینەوە دەکات لە بارەی روانگە و سیستەمە هزرییەکانی ئەم بارودۆخانە.

بە مەبەستی باشتر تێگەیشتن و قوولبوونەوە لە ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی ئەوا پێویستە سەرەتا سوود وەرگرین لە بنەما سەرەکییەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا. جا دوای کۆکردنەوەی دەرئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەیەکی پشتبەستوو بە ئەنترۆپۆلۆژیایە کە دەتوانین پەرە بدەین بە توێژینەوەکەمان، ئەمەش بە ئاراستەکردنی بۆ وەرگرتنی روانگەیەکی یاسایی. جا بە تێروانین

---

*ئێتنۆگرافیا واتە وەسفکردنی میللەتان، کە وشەیەکی یۆنانیی کۆنە لە دوو بەش پێکهاتووە: ئێتنۆس واتە میللەت، نەتەوە؛ و گرافوس واتە وەسفکردن. ئێتنۆگرافیا زانستێکە دەربارەی نەتەوە و گرووپە ئێتنیکییەکان لە رووی پێناسەکردن، دەستنیشانکردنی مەرج و ماکە ئێتنیکییەکان، رەوتی مێژوویی دروستبوونیان و هەروەها دەربارەی هەموو دیاردە و توخم و پرۆسەیەکی نەتەوەیی کە کاریگەری و جێپەنجەیان بە سەر میللەت و نەتەوەکانەوە هەبێت. ( بڕوانە : پرۆفیسۆر د. رەشاد میران، هەمان سەرچاوە، ل.١٣٦.)

* ئێتنۆلۆگیا، زانستێکە لە بارەی شیکردنەوە و تۆژینەوەی تیۆری لە سەر میللەتان و نەتەوەکان و گرۆپە ئێتنیکییەکان؛ هەروەها کاردەکات لە شیکاری زانیاری ئێتنۆگرافی بەدەستهاتوو لە بارەی میللەتان و نەتەوەکان و گرۆپە ئێتنیکییەکان. ( بڕوانە : پرۆفیسۆر د. رەشاد میران، هەمان سەرچاوە، ل.١٣٥،١٣٦.)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە پێناسەی ئەنترۆپۆلۆژیا دەکرێت باس لە دوو تایبەتمەندی ئەنترۆپۆلۆگیای یاسایی بکەین بەم شێوەی خوارەوە :

یەکەم : دوای تێگەیشتن لە ئامانجی ئەنترۆپۆلۆژیا، ئەوا پێویستە روانگەمان لە بارەی هەر سیستەمەکی یاسایی خاوەنی باسکردنەکی بێ لایەنانە بیت، دەمانەوێت سەیری یاسا بکەین بە شێوەیەکی گشتگیر هەم لە رابردوو و هەم لە سەردەمی ئێستا.

دووەم : کاتێ پرۆسەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی بەکاردەهێنرێت لە بواری یاسا، ناکرێت بەو شێوەیە سەیری یاسا بکرێت وەک کایەکی سەربەخۆ لە خۆیدا، بەڵکو دەبێت گرنگی و بەها بدرێت بە واقێعی یاسا لە دیدی پەیوەندییەکانی لە گەڵ واقێعی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بە دیاریکردنی کاریگەری یاسا بە وردی و ناسینی ئەو بوارانەی کە تێیادا ناتوانیت خۆی تێکەل بکات، هەروەها ئەو بوارانەی کە تێیادا دەرئەنجامی راستەوخۆی نییە و ئەو بوارانەی کە تێیادا بە شێوەیەکی باش ئامادەگیی بەرچاوی دەبیت، جا ئەمەش لە پێناو خزمەتکردنی داواکاری و خواستی واقعەکانی کۆمەڵگا دەبیت (Le Roy, 1987:91).

ئەم جۆرە بۆچوونە ڕەوایەتی نابیت مەگەر بە ڕەچاوکردنی بابەتی یاسا بە شێوەیەکی گشتی لە شوینی شیاوی خۆی بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە. بەڵام پێویستە رۆڵی یاسا بە شێوەیەکی زۆر ورد ببینرێت بۆ ئەوەی کاریگەری رۆڵی ئەرکەکانی یاسا نەتوێتەوە لە نێو کونترۆڵی کۆمەڵایەتی (Social Control) یاخۆد هەمان ڕێکخستنی کۆمەڵگا.

توێژەر بە کارکردن لە بارەی وەسفکردنی بابەتەکەی (وەک کەسی ئەتنۆگراف)، ئینجا بە شیکردنەوەی بابەتی یاسایی( وەک کەسی ئەتنۆلۆگ)، ناچار دەبیت هەر کۆمەڵگایەک وەک بێ هاوتا ، و هەر سیستەمەکی یاسایی وەک خاوەن تایبەتمەندی رەچاو بکات. جا بەراوردکردنی دەرئەنجامەکان هۆکارە بۆ خستنەرووی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگاکان، بە تایبەت لەم ئاستەی لێکۆلینەوەدا ئەوا هەست بە گرنگی ئەزمونی رۆژئاوا دەکرێت. ئێمە دەتوانین لەم دیدگایە وەک یەکەمین قۆناغی کار ، باس لە بابەتی نەبوون یان پێویستی نەبوونی سیستەمەکی یاسایی گشتگیر بکەین ، کاتێک کە دەمانەوەی مشتۆمر و گفتگۆ بکەین لە بارەی جێبەجێکردنی سیستەمی یاسایی رۆژئاواییەکان وەک سیستەمەکی جیهانگیر و گشتگیر. ئینجا،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە قوناغی دووەمدا، دەکریت توێژینەوەکەمان پەرە پێبدەین بە هۆی بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری کە هەوڵەکە بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی هەموو سیستەمە یاساییەکان.

ئەم هاوبەشییەی کە بەدی دەکرێت نیوان ئەنترۆپۆلۆژیا و یاسا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە یاساناسان بە ڕەچاوکردنی کات و شوێن و بابەتی لێکۆڵینەوەکانیان لە بواری ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی تەنها پشت بە بیردۆزەکان نابەستن، بەڵکو لە هەمان کاتدا لایەنەکی لێکۆڵینەوەکانیان خۆیان لە کاری مەیدانی دەبیننەوە. لە راستیدا ئەم هاوبەشییە سەرنجمان رادەکێشێت بۆ توێژینەوەی لە بارەی ستراتیژییەت و گرنگی رۆڵی نووسەر و ئەکتەر بوون لە مەیدانی لێکۆلینەوە بە مەبەستی پێشخستنی پرۆسەی توێژینەوەکان لە بواری زانستی ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی. جا بە تێبینی کردن لە گرنگی توێژینەوەی مەیدانی ، ئامانجەکە بە روونی دیارە ئەویش بەدیهێنانی ئەو باوەرەیە لای یاساناسان کە بایەخ بدەن بە سروشتی پێگەی خۆیان و بە تایبەت بە کاری خۆیان ئەمەش دێتەدی لەو کاتەی شێکردنەوەی دەکەن بۆ کارەکەیان وەک یاساناس ؛ بە نوێکردنەوەی پرۆسەی دەرکردنی یاسا و ئەو هۆکارە لۆژیکیانەی کە وەک بنەما بەکارهاتوون بۆ دانانی یاساکان( Chambost,201:249-250 ).

جا دیدگای ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی بەم جۆرەیە کە بیرورایەک هەڵدەبژێرێت، و کاردەکات بۆ ناسینی و بەکارهێنانی بە شێوەیەک کە بکرێت هەموو زانیارییە بەردەستەکان بە بێ ترس لە خستنە ژێر پرسیارو رەخنە یان تێکەلبوون یان کەوتنە ژێر کاریگەری لە گەڵ بابەت و زانیارییەکانی تر کە بە شێوەیەکی گشتی نزیکن لە پسپۆرییەکە وەک( ئەنترۆپۆڵۆژیای : ئابووری، سیاسی، ئایینی) بە کاربهێنرێت، بە تایبەت کە ئەم بابەتانە دەتوانێن هاوکارمان بن لە بارەی چەمک ، مێتۆد ، گرێمانە و دەرئەنجامەکان.

بێگومان، پێویستە ئەوە بزانین کە بۆ ئەوەی بمانەوێت ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسا هەبیت، دەبێ پێشەکی دان بنێن بەو بنەمایەی کە پێی وایە هەموو بنەماکان و دەزگاکانی یاسایی بریتین لە سیستەمی یاسایی؛ و ناکرێت تەنها دان بنێین بە بنەماکان و دەزگاکانی یاسایی وڵاتانی رۆژئاوا کە پشت بەستراون بە دەولەت ، و لە هەمان کاتدا تەنها ئەمانە شیاوی هەڵگری ناوی "یاسا" نین.

جا لە دەرئەنجامدا، روانگەی ئەنترۆپۆلۆلوگیای یاسایی بەو دیدە پێکهاتەی خۆدی یاسا نابینیت

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک ئەوەی یاسادانەران پێناسە بۆ بابەتی یاسا دەکەن ، بۆیەش ئەنترۆپۆلۆژیای یاسا پرسیار دەخاتە سەر پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمان و رێکار و پێشینە یاساییەکان کە لە دادگاکان ( la jurisprudence des tribunaux) ئەنجام دەدرێت(Barraud,2016:5 ).

کەواتە یەکێک لە بوارەکانی توێژینەوەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی، لیکۆلینە لە بارەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە سیستەمی یاساییان لێکچونی نییە لە گەڵ ئەو سیستەمانەی کە کاری پێی دەکرێت لە سەردەمی مودێرن بۆ نموونە سیستەمی کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا. ئەم زانستە لێکۆلین دەکات بۆ پێشاندانی پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی سیستەمە یاساییەکان ، بەڵام نەک تەنها لە دیدەکی یاسایی بەڵکو هەروەها لە روانگەیەکی کۆمەلایەتی و کولتووری. لێرەدا تەنها یاسا نییە کە پەیوەندی هەیە بە مێژووی کۆمەڵگایەک ، و تایبەتمەندییەکانی و شێوازی ژیانی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە. لێرەدا مەبەست دەستپێکی بیرکردنەوەیە لە یاسا لە دیدی کۆمەڵگا، بە پێچەوانەی کاری یاساناسان کە بیرکردنەوە لە یاسا تەنها لە دیدی خۆدی یاسایە و بینینی کۆمەڵگا لە دیدی یاسا.

سەبارەت بە بوونی یاسا لە هەر کۆمەڵگایەک؛ لە روانگەی ئەتنۆلۆگەکان ، و بە پێی ئەزمونی (Leroi-Gourhan,1968:1817) دەکرێت ئێتنی هەبیت لەو کاتەی "تاکەکانی مرۆڤ، گرۆپەکان پێکدەهێنن و هەست دەکەن یان هەستیان پێ دەکرێت وەک گرۆپەکانی جیاواز [خاوەن شوناس و تایبەتمەندی]"؛ وەک پەرەنسیپ و بنەمایەکی روون لەم سەردەمەدا، ئێمە پێمانوایە کە ئەگەر رێکخراوەکی کۆمەلایەتی سەربەخۆ هەبیت[وەک هۆز یان کۆنفیدراسیونی هۆز یان نەتەویەک] ئەوا سیستەمەکی یاساییش بوونی هەیە؛ ئەمەش بۆمان روون دەبیتەوە بە ئاماژە دان بە گوزارەشتەکی سەردەمی ئیمپراتوریەتی رومان کە دەیانگوت " هەر کاتێک کۆمەڵگا هەبیت،واتە یاسا هەیە". جا ئەگەر هاتوو، ئەمە راست بیت کە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگاکانی رەشپیست لە کیشورەی ئەفریقا خۆیان بەرێوە بردووە و ژیاون تا سەردەمی هاوچەرخ بە بێ هەبوونی ئەزمونی دەولەتداری،و تەنانەت خۆیان رێکخستووە بۆ دژایەتیکردنی دام و دەزگاکانی دەولەت لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم، پێویستە دان بنێن بەوەی کە ئەو پێکەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرێدانەی کە رۆژئاواییەکان کردوویانە لە نێوان ماف و دەولەت و یاساکان ناکریت وەک پێکهاتەی سەرەکی دابنرێت بۆ هزری دیاردەی هەبوونی یاسا.

ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی سود لە ئەزمونەکانی کۆمەڵگاکانی نەریتی وەردەگرێت؛ و بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی سەردەمی ئێستا، بەهاکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە کەمتر نین لە کۆمەڵگاکانی مودێرن. ئەنترۆپۆلۆژیایی یاسایی تەنها خۆی نابەستیتەوە بە لێکۆلینەوە لە بارەی کۆمەڵگاکانی نەریتی؛ بەڵکو توێژینەوە لە بارەی کۆمەڵگاکانی مودێرن دەکات لە پێناو دانانی بنەمایەک بۆ هەبوونی یاساکانی رەسەن؛ ئەمەش نایەتە دی مەگەر بە ناسینی سیستەمەکانی یاسایی کۆمەڵگاکانی نەریتی و مودێرن نەبێت.

پێویستە ئاماژە بدەین بە (Malinowski ) پسپۆر و بیرمەند لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی و دامەزرێنەری قوتابخانەی فونکسیونالیزم ، چونکە کاریگەری فراوانی هەبووە لە بواری بیرکردنەوەی لە بارەی یاسا کە ئەمەش دوو لایەنی دەگرتەوە. یەکەم پێداگری و پێویستی ئەنجامدانی کاری مەیدانی کە لە دەرئەنجامدا یاسا نزیک دەبیتەوە لە واقیعی کۆمەڵگا؛ لە بەر ئەوەی یاسا تەنها لە سەر بنەما و پێوەرەکانی هزری پێکناهێت وەکو ئەوەی دەنووسریت لە دەقەکانی یاسا؛ بەڵکو پێویستە یاسا ببینرێت لە دیاردەکانی بەرجەستەی نێو کۆمەڵگا کە بە هۆی کاری مەیدانی، راستەوخۆ هەستی پێی دەکرێت و دەتوانین لێی تێبگەین. لایەنی دووەم پەیوەندی بە تێروانینی(Malinowski) هەیە سەبارەت بە کۆمەڵگا وەک سیستەمەکی کولتووری کە هەموو بەشەکانی پیکەوە پەیوەندیدارن، جا ئەم روانگەیە هۆکارە کە بیر لە یاسا بکات وەک کایەک کە سەربەخۆ نییە و پەیوەندی هەیە بە لایەنی بیولوژی و کولتووری (Milonwski,1976 :55).

## ٣.٢- قوتابخانەکانی شیکردنەوە لە ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی

جا بە مەبەستی باشتر تێگەیشتن لە روانگە و رۆڵی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی پێویستە ئاماژە بدەین بە هەر دوو قوتابخانەی رێساکان Normes و قوتابخانەی پرۆسەکان Processus سەبارەت بە دیدگای یاسادانەران لە بارەی یاسا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قوتابخانەی رێساکان کە لە لایەن ( Radcliffe-Brown ) و ( Roscoe-Pound ) نوێنەرایەتی دەکرێت و لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا لایەنگری هەیە؛ بەم شێوەیە باس لە یاسا دەکات کە لەو ولاتانەی کە بە شێوەی نەریتی بە وڵاتانی یاسای مەدەنی دادەنرێن وەک فەرەنسا؛ بەشێوەی گشتی یاسا پێکهاتووە لە ژمارەیەکی زۆری رێسا و یاسای روون و نووسراو لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان بە تایبەت لە وڵاتانی رۆژئاوا. بە پێی ئەم قوتابخانەیە ، ژیانی کۆمەڵایەتی لە لایەن یاساکان و رێساکان بەڕێوەدەچێت ، و رەفتاری ئاسایی مرۆڤەکان پێویستە خوازیاری خۆگونجاندن بیت لە گەڵ یاساکان، بۆیەش سەرپێچیکردنی یاساکان و رێساکان گوزارشتە بۆ ئاراستەیەکی ناتەندروست و نامۆ. بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕا و دیدگایانە پێکەوە بانگەشە و داکۆکی دەکەن کە بۆ بەردەوامیدان بە کۆمەڵگاکان پێویستە دەسەڵاتەکی ناوەندی هەبیت بۆ جێبەجێکردنی یاساکان، هەروەها دەزگایەکی دادوەری هەبیت بۆ سزادانی سەرپێچیکەران. جا قوتابخانەی رێساکان زۆرتر پێشوازی لێکراوە بە هۆی دیدگای ئەم قوتابخانەیە سەبارەت بە سەرپێچییەکان لە بەرانبەر یاسا و کردارەکانی تێکهەڵچوون و توندوتیژ لە ناو کۆمەڵگادا؛ کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ روانگەی فەلسەفی ئەم قوتابخانەیە لە بارەی یاسا ( رولان،٢٠١٥: ٣٨).

سەرەرای ئەوەی کە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا پەیرەوەی قوتابخانەی رێساکان دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم قوتابخانە توشی رەخنە دەبیت؛ ئەمەش لە گوشەنیگای پسپۆرانی بواری پەیوەندی نیوان کولتوورەکان بە تایبەت لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی کاتێ بە تێروانین لە بۆچوونی قوتابخانەی رێساکان لە بارەی یاسا کە لە سەرەوە باسمان کرد دەبینین کە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە دەسەلاتی ناوەندی یان ناناوەندییان هەبیت دام و دەزگایان لە بارەی یاسا ناچیتە ناو خانەی پێناسەی ئەم قوتابخانەیە بۆ هەبوونی یاسا. جا بە پێی قوتابخانەی رێساکان تەنها ولاتانی پێشکەوتوو یاسایان هەیە، ئەمەش لە کاتێکدا کە ئەگەر سەیر بکەین زۆربەی کۆمەڵگاکانی نەریتی پشت بە داب و نەریت دەبەستن بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و چارەسەرکردنی کێشەکانیان نەوەک بە یاساکانی نووسراو. توێژەر تێبینی ئەوەی کردووە کە بێجگە لە وڵاتانی رۆژئاوا کە زۆربەیان پەیرەوی قوتابخانەی رێساکان دەکەن؛ ئەوا تەنها دەسەڵاتدارانی چین روانگەیان لە بارەی یاسا وەک قوتابخانەی رێساکان بووە لە سەدەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەمی پێش زایین لە رۆژگاری بنەماڵەی ch'in ، هەروەها گەلی ئەزتێک(Aztec) لە سەدەکانی ناوەراست کە دەسەڵاتیان هەبوو لە کیشوەری ئەمریکای ناوەراست. سەرەرای ئەمەش کۆمەڵگای چین لە مێژوودا لە زۆربەی رۆژگارەکانی پەیرەوکاری فەیلوسوفی گەورەی چینی کونفوسیوس(Confcius) بوون کە بە پێی بنەماکانی بیروباوەری ئەم فەیلەسوفە ئەوا یاسا و پەنابردن بۆ دادگاکان لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکان بە خراپترین رێگاچارە دادەنرا، و پێویستە کۆمەڵگا پشت بە بنەماکانی رەوشت ببەستیت و گرنگی بدات بە رێگاچارەی ئاشتبوونەوە. هەر سەبارەت بە داب و نەریت بۆ نموونە ئەگەر لە کەسەکی هێندییە سوورەکان بپرسین، " ئێوە کام یاسا بە کاردەهێنن کاتێ ژنێک رفیندرا لە هاوسەرەکەی لە لایەن کەسەکی هۆز ؟ " ئەو لە وەلامدا دەڵێت: " نازانم بەڵام بە بیرم دهێت چەند مانگ پێش ئێستا کاتێ خوشکی دایکم لە لایەن فلان کەس رفیندرا لە مێردەکەی، ئێمە هەستاین بە پەیرەوکردنی ئەو رێوشۆینە کە بەم شێوەیە بوو : ..... " ( Rouland,1988:57).

پەیوەست بە قوتابخانەی پرۆسەکان، پێویستە ئاماژە بدەین کە زۆر لەو یاساناسانەی کە لە وڵاتانی رۆژئاوا پەیرەوی (Common Law) دەکەن بە شێوەی نەریتی روانگە و بوچوونیان نەرمترە، لە بەر ئەوەی سەرچاوەی گرتووە لە دیدگای قوتابخانەی پرۆسەکان. لە راستیدا، سیستەمەکانی (Common Law) زۆرتر پشتبەشتوون بە پێشینەکانی دادوەری (سوابق القضائية) تاکو بە یاسا نووسراوەکان، بێگومان ئەمەش هۆکارەکە بۆمان روون دەکاتەوە کە بۆچی قوتابخانەی پرۆسەکان لە وڵاتانی ئینگلیزی زمان بە شیوەیەکی بەرفراوان لایەنگری هەیە لە نێو یاساناسان. قوتابخانەی پرۆسەکان لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم گرنگی بەرچاوی پێدراوە لە نێو پسپۆرانی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی و بە رادەیەکی زۆر باڵادەست بووە؛ ئەم قوتابخانەیە دامەزراوە لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە بارەی پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکان.

لە دیدگای قوتابخانەی پرۆسەکان؛ بە پێی بیروبۆچوونی (Malionwski,1976: 73-74) کە بە پێچەوانەی قوتابخانەی رێساکان بیردەکاتەوە و " ئەوە رەت دەکاتەوە کە یاساکان سەرچاوەی هێزیان لە دەسەڵاتەکی ناوەندی بیت کە سەرپێچیکەران سزا دەدات. بە رای (Malionwski) پێویستە یاسا بە تێبینی کردن لە کردار و ئەرکگەرایی یاسا لە نێو کۆمەڵگادا پێناسە بکرێت نەک

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە پێی هەڵومەرجی دانانی یاسا. هەروەها لە هەمان کاتدا ئەم کردار و ئەرکەی یاسا پێویستە دوولایەنە و تەواوکەری یەکتر بیت؛ بەم شێوەیە ئەوا : هێزێک کە تاک و گرۆپە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە گرێدەدات، و بەردەوامی ژیان لە کۆمەڵگادا فەراهەم دەکات، جا لە دەرئەنجامی ئەم پەیوەندییە دوو لایەنیە ئەرکەکان دروست دەبن. بۆیەش ئەم تایبەتمەندییە دوولایەنەی ئەرکەکان هۆکارە بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری و یەکڕیزی کۆمەڵگا، نەک هەبوونی هێزەکی زۆرەملێ و سزادەر لە لایەن دەسەڵاتی ناوەند یان حکوومەت. هەروەها بە واتای روونتر، رەفتاری تاک زۆرتر لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خۆی نیشان دەدات و رێکدەخرێت تاکۆ لە چوارچێوەی رێساکانی یاسا و دەزگاکانی پەیوەندیداری یاسا. بەڵام ئایا رەفتاری یاسایی چییە؟ لە روانگەی زۆربەی لێکۆڵەران کاتی نارەزایەتی دەربڕین و رەتکردنەوەی یاسا لە لایەن تاکەکان ئەوا بە دەرفەت دەزانرێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە لە یاساکان تێبگەین کە لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگا ئەزمون و ڕەچاو کراوە. بۆیەش یاسا زۆرتر فورم و روونی خۆی وەردەگرێت لە ناوەروکی پرۆسەکان- لە شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان- تاکۆ لە لایەن رێساکان؛ هەرچەند کە رێساکان رۆڵییان هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکان.

بۆیەش پێداگیری قوتابخانەی پرۆسەکان لە بارەی کێشەکان پاڵنەر بوویە کە لێکۆلەران کار بکەن سەبارەت بە هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە کێشەکان نەک تەنها رێکاری چارەسەرکردنی کێشەکان؛ بەڵکو مێژوو و هۆکارەکانی کێشە، هەروەها سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان لایەنەکانی کێشە، و سروشتی چارەسەرکردنی کیشە جا ئایا خۆدی لایەنەکان کێشەکەیان چارەسەرکردووە یان کەسی نێوەندگیر یان ناوبژێوانەک یان کەسی دادوەر کێشەکەی چارەسەر کردووە.

سەبارەت بە هەر دوو قوتابخانەی رێساکان و پرۆسەکان لە ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی ئێمە پێمان وایە قوتابخانەی پرۆسەکان لە دیدگای ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی بەرفراوانترە لە بەر ئەوەی هەموو سیستەمە یاساییەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان وەک یاسا سەیر دەکات نەک تەنها ئەو سیستەمە یاساییانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان دامەزراوە بۆ نموونە سیستەمە یاساییەکان لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا. قوتابخانەی پرۆسەکان باوەری بە بنەمای جیهانیبوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسا هەیە بە واتەی روونتر هەموو کۆمەڵگایەک چ رۆژئاوایی و چ نارۆژئاوایی سیستەمی یاسایی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها لە لایەکی تر رەوتی پرۆسەکان زۆرتر بایەخ بە گۆرانکارییەکان دەدات و پەسەندی دەکات بە بەراورد بە قوتابخانەی رێساکان؛ هاوکات بە تێروانین لەوەی کە لە سەردەمی ئێستادا دیاردەی قەبولکردنی کولتووره جیاوازەکان لە کۆمەڵگاکانی جیاوازی جیهان زۆرتر بوویە. لە کوتاییدا دەکرێت بڵێین کە قوتابخانەی پرۆسەکان رێگا خوش دەکات بۆ وەرگرتنی یاخۆد تێکهەڵکێشکردنی ئەزمونەکانی یاسایی وەک نموونەی باڵا؛ لە بەر ئەوەی بڕیارەکانی جێبەجێکراو لە چارەسەرکردنی کێشەیەک دەتوانرێت بکرێنە مۆدێلەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لێکچوونییان هەیە لە داهاتوودا؛ ئەمەش وەک بناغە سەیر دەکرێت بۆ هزری پیشینەی دادوەری (سوابق القضائیە).

هەر چەند کە رەوتی پرۆسەکان بە بەراورد لە گەڵ رەوتی رێساکان رێگا بە ناسینی بەرفراوانتری یاساکان دەدات لە بارەی دیاردەکانی یاسا، و کەمتر لە قوتابخانەی رێساکان سروشتی نەتەوەگەری هەیە؛ بەڵام رەخنەی لێدەگێریت بەو هۆیەی کە ئەنترۆپۆلۆلۆژیای یاسا و لێکۆڵین لە بارەی یاسا تەنها لە چوارچێوەی پرۆسەی کێشەکان دەبینتەوە، چونکە پشت بەستن بە پەیرەوکردنی مێتۆدی پرۆسە (case method) لە توانایدا نییە کە گشت سیستەمە یاساییەکان بگرێتەوە لە بەر ئەوەی یاسا تەنها کێشەکان ناگرێتەوە. هەروەها مرۆڤەکان بە بێ هەبوونی کێشە ئەوا هەست بە رۆڵی یاسا دەکەن لە نێو کۆمەڵگادا و لە گەڵ یاسادا دەژین. لە لایەکی تر، مڵکەچی بۆ یاسا لە لایەن تاکەکانی نێو کۆمەڵگادا ئەوا بەربڵاوترین شێوەی پەیرەوکردنی یاساکانە. مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگادا رێز لە یاسا و داب ونەریت دەگرێت لە بەر ئەوەی ئەزموونی ژیان و پەروەردەی هۆکار بوویە کە ئەم پەیرەوکردنە هەڵقولاوی دەروونی مرۆڤ بیت ئەمەش بە هۆی ترس لە سزادان و یان مرۆڤ یاسا و داب و نەریت بە رێکاری گونجاو و ژیرانە دەزانیت (Rouland,1988:59).

لێرەدا پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە پسپۆران لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی دوای ئەم دوو قوتابخانەیە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەرەو دامەزراندنی جێگرەوەیەک چوون بۆ هەر دوو قوتابخانەی رێساکان و پرۆسەکان و لە دەرئەنجامدا بیروکەی تێکەڵاوکردنی هەر دوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قوتابخانەکە دامەزرا لە لایەن دوو پسپۆری ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی J.L.Comarrof , S.Roberts. ئەم دوو پسپۆرە لە کتێبەکەیان بە ناوی (Rules and Process) کە توێژینەوەیەکە لە بارەی کۆمەڵگای بوتسوانا لە باشوری کیشوەری ئەفریقا گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە پێویستە قوتابخانەیەکی نوێ دامەزرێنێن لە ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی بە تێکهەڵکێشکردنی هەر دوو قوتابخانە بە شێوەیەک کە روانگەی پرۆسەکان و رێساکان لە خۆ بگرێت. ئەمەش لە بەر ئەوەی ناکرێت قوتابخانەی رێساکان لە لایەن پسپۆرانی یاسا و ئەنترۆپۆلوژیا پشتگوی بخرێت، و پێویستە نەک تەنها گرنگی بدەن بە بنەماکانی یاسا، بەڵکو توێژینەوە بکرێت بە تایبەتی لە بارەی جۆری تێگەیشتنی لایەنەکانی کێشە لە بارەی بنەماکانی یاسا، و هەروەها بایەخ بدرێت بە گفتگۆی نێوان لایەنەکانی کێشە لە بارەی بنەماکای یاسا بە درێژایی پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشە و تەنانەت دوای دەرچوونی بڕیاری چارەسەرکردنی کێشە. چونکە بنەماکانی یاسا تەنها چوارچێوەیەکی داخراو نین بەڵکو دەکرێت ببن بە بابەتی گفتگۆ و مشتومر. هەروەها لە لایەکی تر بە پێی قوتابخانەی پرۆسەکان پێویستە لە بارەی هۆکارەکانی جێبەجێکردنی رێساکان یان ڕچاوانەکردنیان، و یان پێشێلکردن و بێ رێزیکردن بە رێساکان لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت، هەربۆیەش ڕووداوەکانی مشتۆمر و نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە یاساکان لە پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکان دەبن بە باشترین بابەت بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی یاساکان. کەواتە لە قوتابخانەی پرۆسەکان، ئێمە تێبینی دەکەین کە ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی گرنگی دەدات بە شیکارکردنی سەرلەبەری دیاردەکان و رەفتاری یاسایی تاکەکان لە نێو کۆمەڵگادا. هەربۆیەش بە هۆی ئەم میتۆدەی شێکارکردن ئەوا قوتابخانەی پرۆسەکان دەیەویت گرنگی بدات بە هەموو ئەو یاسایانەی (داب و نەریت) کە لە لایەن یاساکانی دەولەت پشتگوێخراون ئەمەش بە ئامانجی بەرەودان بە دیارخستنی بایەخی بەهای فرە یاسای (pluralisme Juridique) لە کۆمەڵگادا ( Comarrof , Roberts,cité par (Rouland, 1988:60.

## دەرئەنجام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی زانستێکی نوێیە کە سەرەتای دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەکانی پسپۆران لە بواری مێژووی یاسا لە سەدەی نۆزدەیەم، ئەگەرچی زۆر لە یاساناسان هەر لە سەدەکانی تازەگەرییدا بەرهەمەکانیان سروشتەکی ئەنترۆپۆلۆگییان هەبوویە. ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی هەر دوو بواری یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیا دەگریتەوە بۆیەش بە زانستەکی فرەپسپۆری دادەنرێت؛ کە تێیادا کاریگەری سیستەمی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە سەر یاساکان و بە پێچەوانەوە دەخاتە روو.

وەک دەرئەنجامی ئەم توێژینەوە، دەکرێت ئاماژە بدەین کە گرنگی ئەرکی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم زانستە تەنها پشت نابەستێت بە بیردۆزەکان، بەڵکو لە رێگای لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەول دەدات یاساکان نزیکتر بکات لە واقیعی کۆمەڵگا؛ جا لەم روانگەیەشەوە خوێندنەوەیەکی تیۆری و مەیدانی دەکات بۆ سیستەمە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا. بۆیەش لە روانگەی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی، ناکرێت تەنها لە دیدی یاساناسان سەیری یاسا و کۆمەڵگا بکرێت، بەڵکو پێویستە هەموو پێکهاتە و تایبەتمەندیی سیستەمی یاسایی لە چوارچیوەی رەوشی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگا سەیر بکرێت. بۆیەش ئەم زانستە وەک ئامرازێکی کاریگەر دەبینرێت لە بواری پێشخستنی یاسا؛ کاتێ توێژینەوەی قوول دەکات لە بارەی لێکەوتی یاساکان و رەفتاری یاسایی تاکەکان یان گرۆپەکی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر یاساکاندا.

لایەنەکی دیکەی دەرنجامی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئەرکی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی کە خۆی لەو لێکۆلینەوانەدا دەبێنێت لە بارەی رێکخستنی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەندامییەتی گرۆپەکی کۆمەڵایەتی لە بوارە جیاوازەکان وەک ئایین، خزمایەتی،هاوسەرگیری و ... ، ئەمەش بە مەبەستی تێگەیشتن لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە روانگەیەکی یاسایی. ئەرکەکی گرنگی دیکەی ئەم زانستە بریتییە لە بایەخدان بەو پێشهات و بارۆدوخانەی کۆمەڵگا کە کاریگەریان هەیە بە سەر یاساکان.

خوێندنەوەی هەر سیستەمەکی یاسایی لە چوارچێوەی کولتوور و کۆمەڵگای خۆی گرنگی پێ دەدرێت لە لایەن پسپۆرانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیای یاساییەوە، ئەمەش هۆکارە کە لێکۆلینەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەیدانی بە لایەنەکی گرنگی توێژینەوەکانی ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی دادەنرێت بە ئامانجی ئەوەی کە ئەم پسپۆرییە بتوانێت تایبەتمەندی یاساکانی هەر کۆمەڵگایەک دیاری بکات. ئەم زانستە هەوڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو میکانیزمە گشتییانەی کە پێش نووسینی یاساکان بوونیان هەبووە و کاریگەرییان تا سەردەمی ئێستا دەبینرێت وەک ئاشتبوونەوەی لایەنەکانی کێشەی نێو خەڵکی گوند یان شاردا.

ئەرکی تری ئەم تویژینەوەیە بریتییە لەوەی کە ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی فێرمان دەکات کە یاسا تەنها تایبەت بە کۆمەڵگاکانی مودێرن و پێشکەوتوو نییە ، و لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستە هەر دوو کۆمەڵگای نەریتی و مودێرن دەگرێتەوە لەبەر ئەوەی هەموو کۆمەڵگایەک یاسای خۆی هەیە، تەنانەت ئەگەر هەندێ لە کۆمەڵگاکان بە شێوەی زۆر سەرەتایی بەڕێوە دەچن؛ چونکە هەر کۆمەڵگایەک بە شێوەی جیاواز دەروانیتە یاساکانەوە؛ لە هەندێ کۆمەڵگا بە شێوەیەکە کە یاسا هێشتا ناوی نییە و تەنها لە چوارچێوەی رێکاری رەوشتی چاک دەبینرێت.

هەروەها پسپۆرانی ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی لێکۆڵینەوە دەکەن بۆ پێشاندان و ڕاڤەکردنی دیاردەی قەبولکردنی کولتووری یاسا جیاوازەکان ( acculturation juridique) و دیاردەی فرەیاسایی (pluralisme juridique). پسپۆرانی ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی سەر بە چەندین قوتابخانەن وەک قوتابخانەی رێساکان (Normes) و قوتابخانەی پرۆسەکان (Processus )، ئەمەش بە مەبەستی قوولتر تێگەیشتن لە بنەماکانی دانانی یاسا و رۆڵی یاسا لە کۆمەڵگادا؛ دواتر لە پێناو گەیشتن بەم مەبەستە هەندێک لە پسپۆران کاریان کرد بۆ تێکهەڵکێشکردنی هەر دوو قوتابخانەکە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بدرێت کە زانستی ئەنترۆپۆڵۆژیای یاسایی گرنگی دەدات بە سیستەمی کولتووری لە هەر کۆمەڵگایەک بەڵام ئەمە بە مانای گەشەسەندنی توند ئاژوویی لە هزری نەتەوەگەری نییە، بەڵکو تەنها بریتیە لە پێداگری لە بایەخی پێکەوەژیانی کولتوورەکان چونکە ناکرێت هیچ کولتوورەک یان پێکهاتەیەک پەراوێز بخرێت.

## ڕاسپاردەکان

دوای ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر ئەم بابەتە و دەرکەوتنی گرنگی رۆڵی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی لە پرۆسەی یاسادانان ئەوا ئەم راسپاردانەی هەیە کە پێشنیاز دەکەم لە هەرێمی کوردستان، پەرلەمانتاران لە کاتی دانانی هەر یاسایەک بگەرێنەوە بۆ پسپۆڕان و توێژینەوەکان لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی. هەروەها پێشنیاز دەکەم، توێژەرانی کوردستان گرنگی بەم زانستە بدەن و لێکۆڵینەوەی وردتر بکەن لە روانگەی ئەنترۆپۆلۆژیای یاساییەوە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم : سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

1 - میران،ر. ٢٠٢١. مرۆڤناسی(Anthropology)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات.

**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی فارسی**

1 - رولاند، ن.٢٠١٥ . انسان‌شناسی حقوقی، ترجمه: امیر نیک پی، تهران، نگاه معاصر.

2 - فربد، م. ٢٠٠٠. مبانی انسان‌شناسی، چاپ سوم، تهران، نشر پشوتن.

**سێیەم : سەرچاوەکان بە زمانی فەرەنسی**

1- Alliot, M. 1968. Acculturation juridique. In Poirier,J. dir. Ethnologie générale, Paris,Gallimard.
2- Anne-Sophie, C. 2019. Histoire et anthropologie du droit , Les Études Sociales, 170 (2), pp. 249-250.
3- Assier-Andrieu,L.2003. Coutume et Usage. In Alland, D. et Rials,S. dir., Dictionnaire de la culture juridique, Paris, Lamy-Puf, Coll.Quadrige-dicos poche.
4- Barraud, B. 2016. L'anthropologie du droit. La recherche juridique L'harmattan, hal-01367781.
5- Cazals,G. et Houllemare,M.2019. Les juristes et l'anthropologie à la Renaissance, Clio@Themis [En ligne], 16. URL : http:// journals.openedition.org/cliothemis/459 ; DOI : https://doi.org/10.35562/cliothemis.459.
6- Le Roy, É.1987. Pour une anthropologie du droit, Revue interdisciplinaire d'études juridiques, 1 (1), 71-100.
7- Leroi-Gourhan ,A. 1968. Acculturation juridique. In Poirier,J. dir. Ethnologie générale, Paris,Gallimard.
8- Lombart, N. 2015. Les nouveaux monde juridiques du Moyen Âge au XVIIe siècle, Paris, Classiques, Garnier.

9- Malinowski.1976. La sexualité et sa répression dans les sociétés primitives, Paris, Payot.
10- Rouland, N.1988. Anthropologie Juridique, Paris, Les Presses Universitaire de France.

----------------------------------------------------------------------------------------------------------

# The Role of Legal Anthropology in the field of Law

**Dr. Habib Mustafa Ibrahim**
Department of Law, College of Law, Political science and Management, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
habeeb.ibrahim@soran.edu.iq

***Keywords***: *Legal anthropology, law, field research, social systems, cultural systems.*

## Abstract

Legal anthropology is a new science that dates back to the second half of the nineteenth century. This science is multidisciplinary because it studies laws and their role in society from both legal and anthropological perspectives. To this end, legal anthropology pays attention to social and cultural systems in society since, from the perspective of this discipline, social, cultural and legal conditions are influenced by each other. This paper aims to identify the role of legal anthropology in the field of law. The method used in this research is analytical, which is the most appropriate method to that highlight on the role of legal anthropology in the field of law. After a theoretical analysis, we came to the conclusion that because the law is a socio-cultural phenomenon, it should not be viewed only from the perspective of jurists, but attention must also be paid to social and cultural situations in legal anthropology. Research on both traditional and modern societies is the work of this science, so one of the obvious tasks of researchers is to explain the phenomenon of legal acculturation and legal pluralism in society.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دورالأنثروبولوجيا القانونية في مجال القانون

## ملخص

الأنثروبولوجيا القانونية حديث النشأة، يعود تاريخه إلى النصف الثاني من القرن التاسع عشر. هذا العلم متعدد التخصصات لأنه يدرس القوانين ودورها في المجتمع من منظور قانوني وأنثروبولوجي. تحقيقا لهذه الغاية ، تهتم الأنثروبولوجيا القانونية بالنظم الاجتماعية والثقافية في المجتمع ، حيث من منظور هذا التخصص، تتأثر الظروف الاجتماعية والثقافية والقانونية ببعضها البعض. تهدف هذا البحث إلى تحديد دورالأنثروبولوجيا القانونية في مجال القانون. المنهج المستخدم في هذا البحث هو المنهج التحليلي وهو المنهج الأنسب لإبراز دور الأنثروبولوجيا القانونية في مجال القانون. بعد تحليل نظري ، توصلنا إلى استنتاج مفاده لأن القانون هو ظاهرة اجتماعية ثقافية ، فلا ينبغي النظر إليه من منظور الفقهاء فقط، ولكن يجب أيضا الانتباه الى الحالات الاجتماعية والثقافية في الأنثروبولوجيا القانونية من اجل ان يكون القوانين انعكاسا لواقع المجتمع. لذا يعد البحث الميدانى احد اهم اعمال الباحثين فى علم الانثروبولوجيا القانونية . البحث في كل من المجتمعات التقليدية والحديثة من اهم اعمال هذا العلم ، لذا فإن إحدى المهام الواضحة للباحثين هي شرح ظاهرة قبول تعدد القوانين وظاهرة تعددية القوانين فى المجتمع .